# رۆڵی نۆڕینگە یاساییەکان لە پەرەپێدانی فێرکردنی یاسایی

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
ئازاد وەڵەدبەگی

هەولێر - 2023

# رۆڵی نۆڕینگە یاساییەکان لە پەرەپێدانی فێرکردنی یاسایی

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

ئازاد وەڵەدبەگی

هەولێر

٢٠٢٣

**ناوی کتێب: ڕۆڵی نۆڕینگە یاساییەکان لە پەرەپێدانی فێرکردنی یاسایی**

**نووسینی: کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ**

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ئازاد وەڵەدبەگی**

**نەخشەسازی ناوەوە: عەلی عەبدولڕەحمان**

**نەخشەسازی بەرگ: پەرۆش فەرهاد**

**ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣**

**شوێن: هەولێر/ هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ئەم کتێبە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (٢٠٥٩) ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.**

**ئەم کتێبە بەشێکە پرۆژەکانی هاوپەیمانی جیهانی بۆ پەروەردەی دادپەروەری (Global Alliance for Justice Education) ناسراو بە (GAJE) و لەلایەن ئەوانەوە پاڵشتیی دارایی کراوە.**

# پێڕست


- پێشەکی........................................ 5
- پاژی یەکەم: تێپەڕبوون لە شێوازە کلاسیکییەکانی فێرکردنی یاسا، چییەتی و چۆنییەتی.................................... 7
- پاژی دووەم: پێویستیی پێداچوونەوە بە چەمکی خوێندنی یاسا... 21
- پاژی سێیەم: هاوشێوەسازیی لە پەروەردەی نۆڕینگە یاساییەکاندا........................................ 27
- پاژی چوارەم: فێربوونی قوتابی تەوەر.......................... 35
- پاژی پێنجەم: فێربوونی بەشدارانە........................... 42

# پێشەکی

هەروەک لە ناونیشـــانی کتێبەکەوە دیارە، ئامانجی ئەم کتێبە بریتییە لە خستنەڕووی شێوازە نوێیەکان و داهێنانە فێرکارییەکان لە بواری وانەوتنەوە و فێرکردنی یاســا. پرســیارە ســەرەکییەکە ئەوەیە، ئایا ئەو شــێوازە باو و کلاسیکییەی فێرکردنی یاسا، کە دەیان ساڵە لە کۆلێژەکانی یاسا پەیڕەو دەکرێن و چەندین وەچە لە مامۆســتایان، دادوەران، پارێزەران، راوێژکاران و پســپۆڕە یاساییەکانی پێگەیاندووە، چ کەموکورتی و کێماسییان تێدایە کە ئێمە ناچارین بۆ ئەم مەبەســتە بیرۆکەیەکی نوێ بخەینەڕوو. لەم کتێبەی کە لەبەردەســتی ئێوەی بەڕێزدایە، هەوڵدەدەین پێویســتیی خوێندنەوەیەکی ســەرلەنوێ بۆ چەمکی خوێندنی یاســایی (Law Professorship) ، فێرکردنی قوتابی تەوەر، فێرکردن لەســەر بنەمای بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و نۆڕینگە یاســاییەکان و ئامانجەکانیان بخەینە بەرباس.

سەرەتای کاری نۆڕینگە یاساییەکان لە زانکۆکانی جیهان بۆ سەرەتای سەدەی بیســتەم و ســیســتەمی فێرکردنی یاســایی لە زانکۆکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە. بیرۆکەی دامەزرانـدنی ئەم نۆڕینگـانە لە دەیەی ١٩٣٠ لە ئەمەریکـا خرایە بەرباس. پیش ئەویش بیرۆکەی فێرکردن لە رێگای نۆڕێنگە یاســاییەکانەوە لە ســاڵی ١٩٠١ لەلایەن مامۆســتایەکی بە رەگەز رووس بە ناوی (ئەلیکســاندر لیۆبلینکی) خرابووە روو. نـاوبراو لەو بـاوەڕەدا بوو، کە دەکرێ نۆڕینگەی کۆلێژەکانی یاسا وەک نۆڕینگەی پزیشکی بەڕێوە ببرێت.

لە دەیەی ١٩٥٠ نۆڕێنگە یاساییەکان بە خستنەڕووی خزمەتگوزاریی یاسایی دەســتبەکار بوون. لە دەیەی ١٩٦٠ هەتـا ١٩٧٠ واتە دەیەی چـالاکوانە یاســاییەکان و برافە مەدەنییەکان لە ئەمەریکا، نۆڕێنگە یاســاییەکان لە چوارچێوەی زانکۆکـان و هـاوکـات فێرکـردنی ئەزموونی یـاســا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەرەیان سەند. لە بەشێک لە دامودەزگا دادوەرییەکانی ئەمەریکا، رێگە بە قوتـابیـانی ئەنـدام لە نۆڕێنگە یـاســاییەکـان درا چـالاکی

سنوورداری یاسایی ئەنجام بدەن. هەربۆیە، داهێنانی نۆڕینگە یاساییەکان یەکێکە لە سەرکەوتووترین و سەرنج ڕاکێشترین ئەزموونەکانی فێرکردنی یاسایی.

شیاوی باسە ئەم کتێبە، پوختەیەکە لە کتێبی (ئاشنابوون بە داهێنانەکان لە بواری فێرکردنی یاسا) کە لەلایەن توێژەری یاسایی د.مەسعوود نووری دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پەیمانگای ڕوئیا بۆ دادپەروەری جیهانی و توێژەری سەردانیکەر لە دیپارتمانتی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی لە زانکۆی نیۆیۆرک ئامادە کراوە. هەروا پرۆژەی وەرگێڕان و ئامادەکردنی کتێبەکەش بەشێکە لە پرۆژەکانی هاوپەیمانی جیهانی بۆ پەروەردەی دادپەروەری (Global Alliance for Justice Education) کە بە (GAJE) ناسراوە و وەرگێران و ئامادەکردنی ئەم کتێبە لەلایەن هاوپەیمانی ناوبراو پاڵپشتی دارایی کراوە.

گرنگی وەرگێران و ئامادەکردنی ئەم کتێبە لەوەدایە، کە یەکەمین بەرهەمی لەم جۆرەیە کە بە زمانی کوردی بڵاو دەبێتەوە و لە هەمان کاتدا تۆز لەسەر بابەتێکی بایەخداری وەک نۆڕینگە یاساییەکان لا دەدات، کە بە داخەوە لە کۆلێژەکانی یاسا لە هەرێمی کوردستان فەرامۆش کراون و دەتوانین بڵێین بە یەکجارەکی بەلاوە نراون، لە هەمان کاتدا ئەم پرۆژەیە، یەکەمین دەسپێک و نۆبەرەی هەوڵەکانی (GAJE)ە بە زمانی کوردی و هیواداریین ببێتە سەرەتایەکی نوێ لەم بوارەدا و لە داهاتوودا چالاکی و بەرهەمی زیاتر بخرێتەڕوو .

**ئازاد وەڵەدبەگی**
**هەولێر**
**٢٠ /١١/ ٢٠٢٣**

# پاژی یەکەم

# تێپەڕبوون لە شێوازە کلاسیکییەکانی فێرکردنی یاسا، چییەتی و چۆنییەتی

## د.مەسعوود نووری[1]

لەم بەشەدا، باس لە پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە شێوازی کارلێککەرانە و قوتابی تەوەر دەکەین لە بواری فێرکردنی یاسا. لێرەدا، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کەموکورتییەکانی ئەو شێوازە کلاسیکیانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە کۆلێژەکانی یاسا پەیڕەو دەکران و مامۆستایان، دادوەران، پارێزەران و پسپۆڕانی یاسایی پێ پەروەردە دەکران چی بوون، کە ئێمە ناچارین بیر لەوە بکەینەوە شێوازێکی نوێ بخەینەڕوو؟

لە رابردوودا، هەمووومان وەک قوتابیانی یاسا لە بیرمانە کە بەشێکی زۆری وانەکان لە کۆلێژەکان بە قسەکانی مامۆستا دەستیان پێدەکرد و تەواو دەبوو. مامۆستا لە سەرەتای وانەکەدا، بابەتێکی دەخستەڕوو بۆ باسکردن و بە پشتبەستن بە کتێبی یەکێک لە مامۆستا ناسراوەکانی ئەو بوارە یا کتێب و مەلزەمەیەکی خۆی بابەتەکەی بۆ دەگێڕاینەوە و، لە کۆتاییشدا ئەگەر دەرفەت هەبوایە وەڵامی چەند پرسیارێکی قوتابیانی دەدایەوە، لە کاتی وانەکەش قوتابیان بەپێی لێهاتوویی و خێرایی خۆیان یادداشتیان لە وتەکانی

1- دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پەیمانگای ڕۆیا بۆ دادپەروەری جیهانی و توێژەری سەردانیکەر لە دیپارتمانتی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی لە زانکۆی نیۆیۆرک.

مامۆستا هەڵدەگرتەوە و هەر ئەوەش دەبووە بنەمایەک بۆ تاقیکردنەوەکان.

لەم شێوازی وانەوتنەوەیەدا، جەخت لەسەر ئەو کۆمەڵە بابەتە دەکرایەوە، کە بەپێی پرۆگرامی فێرکاریی تەرخانکراو بۆ کۆلێژ پێویستە بە قوتابیان بگوترێتەوە و ئیدی گرنگی بە ئاستی فێربوونی قوتابیان نەدەدرا، وەک ئەوەی کە هەریەکەیان ئەرکێکی جیاوازتریان لە ئەستۆیە، بەبێ ئەوەی هیچ گرنگییەک بە دەرەنجامەکانی بدرێت. مامۆستای سەرکەوتوو ئەو کەسە بوو، کە بتوانێ لە ماوەی دیاریکراودا، هەموو سەرەبابەتەکان بە قوتابیان بڵێتەوە و قوتابیی سەرکەوتووش ئەو کەسە بوو کە بتوانێ لە کاتی ئەزموونەکاندا هەموو فێربووەکانی خۆی رستە بە رستە لەسەر پەڕاوی تاقیکردنەوە بۆ مامۆستا بنووسێتەوە. ئەم شێوازە پتر بە شێوازی مامۆستا تەوەر یا وانە تەوەر (lecture-based) ناسراوە. هەندێک لە کەموکورتییەکانی ئەم شێوازە فێرکارییە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- قوتابی فێری هیچ شارەزایی و ئەزموونێکی پراکتیکی نابێت و تەنانەت لەو وانانەش کە بینین و کاری پراکتیکی زیاتر جێێ بایەخن وەک دادپزشکی یا یاسای بنەماکانی دادگاییکردن هیچ ئەزموونێکی راستەوخۆ بوونی نەبوو. هەربۆیە، تەنانەت قوتابییە زیرەکەکانیش پاش دەرچوونیان شارەزایی پراکتیکییان نەبوو بۆ ئەوەی بتوانن وەک دادوەر، پارێزەر، لێکۆڵەر و دادنووس و هتد، دەست بەکار بن.

٢- ئامانجی باڵا و کۆتایی قوتابی ئەوەیە کە وتەکانی مامۆستا بە وردیی فێر ببێت، بە بێ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی هەبێ لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە

هەڵیسەنگێنێت و بۆچوونەکانی خۆی لەناو پۆلدا بخاتەڕوو، ئەمەش وا دەکات کۆلیژەکانی یاسا ڕۆڵی سازێنەرانەی خۆیان لە دەست بدەن.

٣- مامۆستا بەرەو ڕووی پرسیاری ڕەخنەگرانەی قوتابیان نابێتەوە، هەربۆیە بە پێویستی نازانێت لەڕووی پیشەییەوە خۆی ئەپدەیت بکاتەوە. بەم هۆیەوە هەندێجار دەبینین مەلزەمەیەک کە دە ساڵ لەمەوپێش ئامادەکراوە بێ هیچ گۆڕانکارییەک دەوترێتەوە.

٤- هیچ هاوکارییەکی زانستی و کارلێکانەی بنچینەیی لەنێوان قوتابیاندا دروست نابێت، لەوانەیە دوو یا چەند قوتابییەک پێکەوە وانەکان بخوێننەوە یا توێژینەوەیەکی هاوبەش ئەنجام بدەن، بەڵام ئەمە پرۆگرامێکی فێرکاریی دارێژراو نیە. قوتابییەکان وەک هەندێ دورگەی سەربەخۆ و دوور لە یەکن کە تەنیا لە بەرامبەر مامۆستادا وەڵامگۆن.

٥- لەوانەیە ماوەی خوێندنی قوتابی کۆتایی بێت، بەڵام کەس باس لە کێشە و گرفتەکانی پەیوەندیداری ناو کۆمەڵگا ناکات و هیچ بیر و رایەک لەم بارەیەوە ئاڵوگۆڕ ناکرێت.

ئەم کەموکورتیانە وایانکرد، کەوا هەندێک لە مامۆستا داهێنەرەکانی یاسا لە دەیان ساڵ لەمەوپێشەوە هەوڵی گۆڕینی بنچینەیی لە شێوازەکانی فێرکاریی بدەن و شێوازی کارلێکانە (Interactive) و قوتابی تەوەریان (Student-Centered)هێنایە ناو باسەکانی پەروەردە و فێرکاریی یاسا. لەلایەکیترەوە، چونکە نۆڕینگە یاساییەکان داهێنەر و پەرەپێدەری ئەم شێوازەن، هەربۆیە بە شێوازە نۆڕینگەییەکانی فێرکاریی یاسا (Clinical Legal Education) ناو دەبرێن.

یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکان لەنێوان شێوازە کلاسیکی و نۆڕینگەییەکان، پێگە و ڕۆڵی مامۆستایە لەناو پۆل و لە پرۆسەی فێرکردندا. هەروەک وتمان لە شێوازی کلاسیکی، مامۆستا تەوەر و بناغەی کارەکەیە، بەڵام لە شێوازی نۆڕینگەیی مامۆستا لەپاڵ قوتابی ڕینوێنی پرۆژە فێرکارییەکانیان دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم دوو شێوازە نموونەیەک دەهێنینەوە. لە شێوازی کلاسیکی، مامۆستا وەک ڕۆڵی دارتاشێکی هەیە کە دەیەوێت هەموو کارە دەستکردەکانی وەک یەک بن، بۆ وێنە ئەگەر بیەوێت دوازدە کورسی دروست بکات، دەیەوێت هەر دوازدەی کوتومت لە یەک بچن و لەڕووی ئەندازە و ڕەنگەوە هیچ جیاوازییەکیان نەبێت. بەڵام لە شێوازی نۆڕینگەیی، مامۆستا ئەرکی باخەوانێکی لە ئەستۆیە کە هەوڵەکانی ئەو بۆ گوڵکردنی ئەو تۆوە جۆراوجۆرانەیە کە پێی سپێردراوە. هەر گوڵێک ڕەنگ و بۆنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم فرەیی و ڕەنگاورەنگییە نەک هەر کەموکورتی نیە، بەڵکوو شکۆمەندیی باخستانە. هەوڵی مامۆستا دۆزینەوەی بەهرەکانی قوتابیان و ناساندنیەتی بەوان و، ئەرکیشی ـ ئەوەیە ڕێنوێنی قوتابییەکانی بکات هەتا دەگەنە پلەی پێگەیشتوویی شیاوی خۆیان. هەروا لە شێوازە کلاسیکییەکان ئامانج "فێرکردنی یاسا"یە، بەڵام لە شێوازە نۆڕینگەییەکان ئامانجی باڵا "فێرکردنی دادپەروەری" و "دەستڕاگەیشتنی هەموانە بە دادپەروەری لەڕێگای فێرکردنەوە".

ئێستا بە ئیلهام وەرگرتن لەو شتانەی کە باسمان کرد، سەرنجی ئەم سێ پرسیارە و وەڵامەکانیان بدەن لە خوارەوە:

### یەکەم: گشتگیربوونی قازانجی شێوازەکانی کارلێکانەی فێرکردن

ڕاستە کە ئەم کتێبە بۆ مامۆستایان و قوتابیانی یاسا دەنووسرێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە قازانجەکانی هەنگاونان لە شێوازە کلاسیکییەکانی فێرکردنەوە بەرەو شێوازەکانی کارلێکانە و قوتابی- تەوەر تەنیا بۆ مامۆستایان و قوتابیانی یاسایە. کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی فێرکردن لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، کاری گرووپیانەی فێرخوازان، هاوشێوەسازیی و ئەوانیتر، نەک هەر بۆ بەشەکانیتر –لانیکەم بۆ بەشی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان- بەڵکوو بۆ فێرکردنی باوان بە منداڵانیان و خولەکانی راهێنان لە کۆمپانیا و رێکخراوەکانیش زۆر کاریگەر و سوودبەخشە.

## دووەم: هیرەمی فێرکاریی

بەپێی ئەو هیرەمە فێرکارییەی کە ئەنستیتۆی نیشتمانی فێرکاریی ئەمەریکا لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ خستوویەتیەڕوو و، لەلایەن پسپۆڕانی پەروەردە و فێرکردنەوە دانی پێدانراوە زۆربەی فێرخوازان لە شێوازی مامۆستاتەوەر تەنیا ٥ ٪ قسەکانی مامۆستا فێر دەبن. بە وتەیەکی تر، لەم شێوازەدا بە تێکڕا ٩٥ ٪ هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستا و کات و وزەی قوتابیان بە فیڕۆ دەچێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێ بیر لە شێواز و رێکاری دیکە بکرێتەوە. گەلێک لەو شێوازە نۆڕینگەییانەی کە دواتر باسیان لێوە دەکەین، شێوازە کاریگەرترەکانی فێرکردنن.


People generally remember...
(learning activities)
People are able to...
(learning outcomes)
10% of what they read
20% of what they hear
30% of what they see
50% of what they see and hear
70% of what they say and write
90% of what they do.
Read
Hear
View Images
Watch Videos
Attend Exhibitis/Sites
Watch a Demonstration
Participate in Hands-On-Workshops
Design Collaborative Lessons
Simulate, Model, or Experience a Lesson
Design/Perform a Presentation - "Do the Real Thing"
Define List
Describe Explain
Demonstrate
Apply
Practice
Analyze
Define
Create
Evaluate



وانە وتنەوە ٪٥
خوێندنەوە ٪١٠
بینین و بیستن ٪٢٠
سەلماندنی ئەزموونی ٪٤٠
گفتوگۆی گرووپی ٪٥٠
راهێنانی کرداری ٪٧٥
فێرکردنی ئەوانیتر ٪٩٠


خوێندنەوە
٪١٠
بیستن
٪٢٠
بینین
٪٣٠
بینین و بیستن
٪٥٠
گفتوگۆ
٪٧٠
تاقیکردنەوە
٪٨٠
فێرکردنی ئەوانیتر
٪٩٥
ئێمە بەو جۆرە فێر دەبین

## سێیەم: کاری خۆبەخشانە لە یەکێک لە نۆڕینگە یاساییەکان (هیرەمی مازلۆ)

هەتا ئێستا ئەوەمان زانی کە شێوازی ئاخاوتن کەمترین کاریگەریی لەسەر شێوازی فێربوون هەیە و نابێت پشت بە یادگەی فێرخوازان ببەسترێ، بەڵام راستییەکیش هەیە کە پەرەپێدانی شێوازە کاراکانی فێرکردن ناتوانێ تەنیا هەوڵێکی تاکەکەسی بێت، بەڵکوو زۆرجار پێویستە دامەزراوەیەک گۆڕینی پارادایمی وانەوتنەوە (Paradigm shift) رێکبخات و بەڕێوەی ببات. "نۆڕینگە یاساییەکان" دەتوانن ئەو دامەزراوەیە بن، کە ئەم فێرکردنە یاساییە لەئەستۆ بگرن. ئەم دامەزراوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی دوو ئامانج کە بریتین لە:

١- فێرکردنی کرداریی بە قوتابیانی یاسا لەرێگای کارکردن لەگەڵ بریکاردارە راستەقینەکان (تەنانەت ئەگەر لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیش بێت).

٢- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی یاسایی خۆبەخشانە و خۆڕایی بە گرووپە هەژار و کەمداهاتەکان، کە بۆ گەیشتن بەو خزمەتگوزارییانە و وەرگرتنی مافە یاساییەکانی خۆیان، هیچ رێگایەکی تریان لە بەردەمدا نیە.

ئەو پرسیارە گرنگەی کە ئێستا هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدەین ئەوەیە، بۆچی پارێزەران روو لە خزمەتگوزاری و راوێژکاریی یاسایی بێبەرامبەر و خۆبەخشانە دەکەن؟ لە جیهانێکدا کە بۆ زۆر کەس ئابووری و پارە پەیداکردن پاڵنەری سەرەکییە بۆ چالاکییەکان، پارێزەران بە چ پاڵنەرێکەوە دەستبەرداری کرێی پارێزەرایەتی خۆیان دەبن؟

ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن، کە لە زۆرێک لە وڵاتان لە کاتی دامەزراندنی نۆڕینگە یاساییەکان، ئەم پرسیارە بە توندی وروژێنراوە. هەربۆیە، ئەم پرسیارە دەتوانرێت لە دوو ئاستدا وەڵام بدرێتەوە:

١) ئەم هاوکارییە خۆبەخشانەیەی پارێزەران لەگەڵ نۆڕینگە یاساییەکان سوودی داراییان پێناگەیەنێت، بەڵام سوودی کۆمەڵایەتی زۆری هەیە؛ ئەمەش ئەو شتەیە کە دەتوانێ پاڵنەریان بێت بۆ ئەم هاوکارییە. لەم ڕووەوە پارێزەران دەتوانن بەسەر دوو گروپدا دابەش بکرێن:

**أ) ئەوانەی تازە دەستیان بە چالاکیی پیشەیی خۆیان کردووە:** ئەم کۆمەڵە پارێزەرە هێشتا ناوبانگیان نییە و سەردانیکەری زۆریان نییە. هەربۆیە، کاتێکی تەواویان هەیە کە بۆ ماوەی (٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لەگەڵ نۆڕینگە یاساییەکانی زانکۆ کاری خۆبەخشی بکەن. زۆرێکیان ئارەزوویان هەیە خزمەتگوزاری پێشکەش بەو زانکۆیە بکەن کە لێی دەرچوون. جگە لەوەش، ئەم هاوکارییە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی متمانە، ناوبانگ، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕاهێنانی کارامەیی زیاتر.

**ب- پارێزەرانی بەناوبانگ و شارەزا:** هاوکاری لەگەڵ زانکۆ دەبێتە هۆی زیادکردنی متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پاراستنی پەیوەندییان لەگەڵ ژینگەی زانستی و توێژینەوەدا. هەروەها ئەم کۆمەڵە پارێزەرە، توانای دارایی پێویستیان هەیە کە بەسەربردنی چەند کاتژمێرێک لە هەفتەدا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خێرخوازیی هیچ کێشەیەکی ئابوورییان بۆ دروست ناکات.

٢) پارێزەران، پزیشکان، ڕۆژنامەنووسان، ڕێبەرانی ئایینی، چالاکانی کۆمەڵایەتی و کەسانی دیکە کە خزمەتی خۆبەخشانە پێشکەش بە هاوجۆرەکانیان دەکەن، لە ڕاستیدا گوێڕایەڵی سرشت و بانگەوازی ویژدانی خۆیان بوون و نابێت کارەکانیان جێگەی سەرسوڕمان بێت. ڕێگەمان بدەن بە ئاماژەدان بە تیۆری ئەبراهام مازلۆ (١٩٠٨-١٩٧٠) ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە. ئەم دەروونناسە ئەمریکییە، کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی دەروونناسی مرۆڤدۆستانە، تیۆری پلەبەندیی پێداویستییەکانی لە کتێبی "پاڵنەر و کەسایەتی"دا (کە لە ساڵی ١٩٥٤دا چاپکراوە) خستۆتەڕوو. بەپێی ئەم تیۆرییە، پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ پێنج دەستە بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

- **پێداویستییە بایۆلۆژییەکان:** پێداویستییەکانی مرۆڤە بۆ مانەوە؛ وەک خواردن، جلو بەرگ، شوێنی حەوانەوە و جووتبوون.

ئەم پێداویستیانە کە نزمترین گروپن لەم پلەبەندییەدا، زۆرترین کاریگەرییان لەسەر رەفتاری تاکەکان هەیە، هەتا ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی گونجاو دابین نەکرێن؛ زۆربەی چالاکییەکانی تاک پێدەچێت لەم ئاستەدا بن و پاڵنەرێکی ئەوتۆی نەبێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی باڵاتر.

- **پێداویستییە ئەمنییەکان:** پێویستیی مرۆڤە بۆ پاراستنی خۆی لە ئێستا و داهاتوودا؛ وەک پێویستی رزگاربوون لە ترس، پاراستنی گیان و بێبەشنەبوون لە پێداویستییە بنەڕەتییەکان.

- **پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان:** مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستی بە پەیوەندییەکی مانادار هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە، هەستی بە خاوەنزانین و خۆشەویستن و خۆشەویست بوون.

- **رێزگرتن:** خۆخۆشەویستی، خۆ دۆستی؛ ئەم ڕێزگرتنە پێش هەموو شتێک بەرامبەر بە خودی خۆیەتی و پاشان ئەو بەها و رێزگرتنەی کە لەلایەن ئەوانیترەوە لە مرۆڤ دەنرێت.

- **خۆگەشاندنەوە و خۆ پاڵنەریی:** واتە گەشاندنەوەی هەموو بەهرە شاراوەکانی مرۆڤ؛ "ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت بەوجۆرە بێت یا دەبێت وا بێت".

بە واتایەکی تر، ئەگەر پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک خۆراک دابین نەکرێن، ئەوا مرۆڤ دەرفەت و توانای ئەوەی نابێت کە بیر لە پێداویستییە باڵاکانی وەک خۆشەویستی بکاتەوە. بەڵام زۆرێک لە خێرخوازان، لەوانەش پارێزەرە خۆبەخشەکان لە نۆڕینگە یاساییەکان، دوای دابینکردنی پێداویستییە نزمەکانیان، ئەوا هەل و پاڵنەریان هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییە رۆحییەکان، خۆگەشاندنەوە، کەماڵخوازیی و مرۆڤدۆستی. یەکێک لە باشترین رێگاکان بۆ نیشاندانی رۆحی خێرخوازی و مرۆڤدۆستی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی یاسایی خۆبەخشانەیە لە نۆڕینگەکاندا. هەربۆیە، نابێت هەڵسوکەوتی ئەو پارێزەرە نیازپاکانە ببێتە هۆی سەرسوڕمان و بەدگومانی؛ هەروەک چۆن رەفتاری بەخشەران و خێرخوازان و خێرەومەندانی تر، نەک هەر نابێتە هۆی بەد گومانی، بەڵکوو دەبێتە هۆی سەرسامی و ستایشمان بۆ ئەو کەسانە.


Self-actualisation
achieving one's full potential, including creative activities
Self-fulfillment needs
Esteem needs
prestige, feeling of accomplishment
Psychological needs
Belongingness & love needs
intimate relationships, friends
Safety needs
security, safety
Basic needs
Physiological needs
food, water, warmth, rest


خۆگەشاندنەوە
(گەیشتن بە لووتکەی
توانا کەسییەکان)
ڕەزامەندیی
(هەستی شانازیی و
سەرکەوتن)
حەز و هەستی بە خاوەنزانین
(دۆستایەتی و نزیکایەتی)
پێداویستییەکانی سەلامەتی
(پاراستن و ئارامی)
پێداویستییە فیزیۆلۆژییەکان
(ئاو، خۆراک، شوێنی حەوانەوە)

# پاژی دووەم

## پێویستیی پێداچوونەوە بە چەمکی خوێندنی یاسا

### پرۆفیسۆر میزان ئەلرەحمان، مامۆستای کۆلێژی یاسای زانکۆی داکا/بەنگلادیش[1]

یەکەم بابەت لە تێگەیشتنەکانم، کە حەز دەکەم لەگەڵ ئێوەدا باسی بکەم ڕۆڵی کۆلێژەکانی یاسا و بەرپرسیارێتیەکانیانە. زۆرینەی ئێوە لەگەڵ مندا هاوڕان کە ئامانجی کۆتایی هەر چالاکییەکی پەروەردەیی، پەرەپێدانی بەرزترین فەزیلەتەکانە لەناو فێرخوازان و قوتابیاندا؛ چونکە ئەم جۆرە فەزیلەتانە بە شاراوەیی لە هەموو مرۆڤەکاندا بوونیان هەیە.

بۆیە ڕۆڵی سەرەکی ئێمە، وەک مامۆستای یاسا، دابینکردنی باشترین پەروەردەیە بۆ قوتابیان؛ چونکە باشترین توانایان هەیە کە لە ناخیاندا شاراوەتەوە. ڕێگەم بدەن پێتان ڕابگەیەنم کە ئێوە وەک مامۆستای یاسا چالاکییەکی شەرەفمەندانە ئەنجام دەدەن؛ چونکە فێرکردن کارێکی بەرز و بەنرخە.

ڕەنگە، لێرەشدا لەگەڵ من هاوڕا بیت کە وانەوتنەوە پێویستی بە خۆبەخشی و پابەندبوونە بە گەشەکردنی قوتابیان. هەرچەندە لەڕێگای وانەوتنەوەوە پارەیەکی زۆرت دەستناکەوێت، لانیکەم لەو شوێنەی کە من لێی دەژیم و

1- ئەم بابەتە پوختەیەکی وەرگێڕدراوی وانەیەکە کە لە خولێکی ڕاهێنانی ئەنستیتۆی ڕۆئیا لە ساڵی ٢٠٢١ بە زمانی ئینگلیزیی پێشکەش کراوە و د.مەسعوود نووری کۆی کردووەتەوە و ڕێکیخستووە.

هەندێکجار وا دەردەکەوێت کە پیشەکە تەنانەت ئەو ڕێزەشی نییە کە شایەنییەتی لەلایەن قوتابیانەوە، بەڵام گەورەترین پاداشت وەک مامۆستایەکی یاسا ئەو هاوبەشییە ڕۆشنگەرانەیە کە لەگەڵ قوتابیاندا هەمانە. لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا هەست بە بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەین لەبەردەم قوتابیەکانماندا.

با ئەوەش بڵێم، پەروەردەی یاسایی بابەتی بەرژەوەندی گشتییە، نەک بەرژەوەندی کەسی. بەردەوام لە دانیشتنەکانی پۆلەکانی پێشینەی دادوەری ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە پارێزەران ئەندازیارانی کۆمەڵایەتین، بۆیە ئێمە وەک ئەندازیارانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ئاوەدان دەکەینەوە و ئەم پرۆسەیە سوودی گشتییە، نەک سوودی تاکەکەسی. جگە لەوەش، کاتێک سەیری بیرۆکە و پێکهاتەی وانەوتنەوەی یاسا دەکەین، زیاتر بەشدار دەبین لە بەهێزکردنی خەڵکی لاواز و پەراوێزخراوی کۆمەڵگا و، بەو پێیەی ئامانجمان بەهێزکردنی گروپە هەژار و بێبەشەکانە، هەربۆیە لە پرۆسەیەکدا بەشدار دەبین، کە ئامانجەکەی بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتییە.

هەربۆیە، ئامانجمان تەنها فێرکردنی یاسا نییە، بەڵکو فێرکردنی دادپەروەریشە. هەربۆیە، ئاسۆی بەردەممان، ئاسۆیەکی فراوانترە لە بەشی یاسا. دادپەروەریی دەبێ وەک ئەزمونێکی پەیوەندییکردن سەیر بکرێت، کە لەسەر بنەمای ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان فۆرم وەردەگرێت و، ئامانجەکەی مافی مرۆڤ و دادپەروەرییە بۆ هەمووان. هەربۆیە، کاتێک دووبارە بیر لە پەروەردەی یاسا دەکەینەوە، لە پەروەردەی یاسا وەک پەروەردەیەکی پیشەیی دووردەکەوینەوە و بەرەو پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندازیاریی کۆمەڵگا هەنگاو دەنێین. لە

هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە داواکاری و خواست بۆ پەروەردەی دادپەروەریی گشتی گەشەی کردووە و بەردەوام ڕووی لە زیادبوون کردووە.

ئێستا با سەرنج بدەینە سەر پرسیاری دووەم: بۆ چ ئامانجێک و چ کەسانێک فێری یاسا دەکەین؟

ئەم پرسیارە دەتوانرێت لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە وەڵام بدرێتەوە؛ ڕوانگەی یەکەم ئەوەیە بڵێیت سەیری دەوروبەرت بکە و ئەو نادادپەروەرییانە ببینە کە ڕەنگە یاساناسان و تەنانەت دادوەرەکانیش بەشێک بن لێیان. ئەم پرسە، پێویستیی بەکارهێنانی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان لە پەروەردەی دادپەروەریدا دەوروژێنێت. هەربۆیە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جۆر و ڕووخساری جیاوازی نادادپەروەریی لە هەر کۆمەڵگایەکدا تایبەتە بەو کۆمەڵگایە، بەڵام پرسی تێکەڵکردنی ئەو جۆرە نادادپەروەرییانە لە پەروەردەی دادپەروەرییدا پرسێکی بنەڕەتییە.

ڕوانگەی دووەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، شێوازی ئامانجخوازانەی تاقیکردنەوە و هەڵەیە. هەربۆیە، لەم ڕوانگەیەدا دەبێت ئامانجەکانی پەروەردەی دادپەروەری بخەینەڕوو. لەم ڕوانگەیەدا، ئەوەی کە لە هەمووان گرنگترە ئەوەیە، کە بایەخ بە ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی پەروەردەی یاسا بدرێت، هەتا لەگەڵ تێگەیشتنی دادپەروەرخوازانەی کۆلیژەکانی یاسا گرێ بدرێن.

ڕوانگەی سێیەم، بریتییە لە پشکنینی ئەدای کۆلیژە گەورە و بەناوبانگەکانی یاسا لە جیهاندا بۆ فێرکردنی ئەو شێوازانە لەسەر بنەمای دیدگای پەروەردەی

دادپەروەریی، هەتا بتوانرێت لەسەر ئەو بنەمایە، میتۆد و چوارچێوەیەکی پەروەردەی دادپەروەریی دابڕێژێت.

ئێستا دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، چ کەسانێک لە پەروەردەی ئێمە و دەرچووانی کۆلیژەکان قازانج دەکەن؟ وەک هەر بەشێکی دیکەی خوێندنی باڵا، کۆلیژەکانی یاساش دەبێ هەوڵی پەرەپێدانی زانست بدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابیان دەکەین و زانست پەرە پێدەدەین، لە کۆتاییدا دەبێ چ جۆرە دەرچوویەک پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەین؟

١) ئایا پارێزەری دادگاکان پەروەردە دەکەین؟

٢) ئایا بە پەروەردەی مامۆستایان و تیۆردارێژانی ئاکادیمییەوە خەریکین؟

٣) ئایا بە پەروەردەی کەسانێکەوە خەریکین کە شارەزای چارەسەری کێشەکانن؟

٤) ئایا بە پەروەردەکردنی کەسانێکەوە خەریکین کە شارەزایی تواناسازیی کۆمەڵگان؟

٥) ئایا بە پەروەردەکردنی ڕێکخەرانی کۆمەڵایەتییەوە خەریکین؟

کەواتە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئامانجی ئێمە پەروەردەکردنی چ جۆرە دەرچوویەکە، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکەینەوە پەروەردەی خۆمان سەرلەنوێ پێناسە بکەینەوە و تەنیا لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی دەرچووەکانە کە دەتوانین بزانین ئایا خەریکی پەرەپێدانی دادپەروەرین یا خود تەنیا بە فێرکردنی یاساوە خەریکین وەک وانەیەکی خوێندن؟

ئێستا ڕێگەمان بدەن با پرسیارێکی نوێ بخەینەڕوو: بۆچی پێویستمان بە دەرچوویەکە کە هەڵگری زانست، شارەزایی و نیگەرانییە نوێیەکان بێت؟ وەک

مامۆستایانی یاسا، ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک نادادپەروەری نوێی فرەڕەهەندیی بەرەوڕووین. هەربۆیە، پێویستمان بە یاساناسێکە کە جگە لە زانستی یاسایی، کۆمەڵێک شارەزایی دیکەشی هەبێت. ئێمە پێویستمان بە وەچەیەکی نوێی یاساناسانە کە توانای ئەوەیان هەبێت بە شێوازی یاسایی و لە دەرەوەی بازنەی یاسا هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسەکاندا بکەن. ئەم وەچەیە لە یاساناسان دەبێ بە جۆرێک لەگەڵ کۆمەڵگادا تێکەڵ ببن، کە وا هەست بکرێت هیچ مەودایەک لەنێوانیاندا نیە. بۆ وێنە هەر دەرچوویەکی یاسا بە شێوازێکی کلاسیکی هەڵگری سێ پیتی (p)یە لە زمانی ئینگلیزی؛ هێز(power)، پێگە (position) و ئیمتیاز(privilege). ئەو شێوازی هەڵسوکەوتەی کە پارێزەرە کلاسیکییەکان لەگەڵ بریکاردارەکانیاندا هەیانە، لەڕاستیدا رەنگدانەوەی پێگە و هێزی ئەوانە. بەڵام نەوەی نوێی یاساناسان دەبێ بۆ لەناوبردنی ئەم سێ فاکتەرە ئامادە بن و لەگەڵ بریکاردارەکانیاندا بن. ئەم وەچەیە، کە لەژێر رۆشنایی پەروەردەی دادپەروەرییدا پەروەردە کراون و من بە یاساناسانی یاخی (Rebel Lawyers) ناویان لێدەبەم، هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامی دەدەن، لەڕاستیدا بەشێکە لە شۆڕشێکی بێدەنگ کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی وەرچەرخان. بە داخەوە، تەنانەت لە پەروەردەی دادپەروەرییدا، مامۆستایانێک هەن کە قوتابییەکان بۆ "پارێزەریی بۆ هەژاران" (for Poor)پەروەردە دەکەن، بەڵام پەروەردەی دادپەروەریی راستەقینە هەمان "پارێزەریی لەگەڵ هەژارانە" (with Poor) و نەک بۆ ئەوان. لەڕاستیدا، ئەو شتەی کە دەبێ سەرنجی بدەین ئەو خاڵە بنەڕەتییەیە، کە نابێ یاساناسان لە چینێکی سەرووتری بریکاردارەکانیاندا بن و خاوەن ئیمتیازێکی زیاتر بن لەوان. ئەم بابەتە بە بیرۆکەی "پارێزەریی لەگەڵ هەژاران" چارەسەر دەبێت، کە تێیدا پارێزەر لەپاڵ بریکارداری خۆیدایە. دەبێ دان بەوەدا بنێم، کە چەندین ساڵی

خاياند هەتا من لە جیاوازیی نێوان "پارێزەریی لەگەڵ هەژاران" و "پارێزەریی بۆ هەژاران" تێگەیشتم.

بەڵام دەبێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا لەڕاستیدا زاراوەی یاساناسانی یاخی بە چ واتایەک دێت؟ چونکە ئەم یاساناسانە بۆ دادپەروەریی پەروەردە کراون، دەبێ ئامادە بن هەتا خۆشییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بکەنە قوربانی. ئەوان دەبێ خۆیان وەک ئەندامێکی جیانەکراوەی کۆیەک ببینن نەک کەسانی پەراوێزکەوتوو و دوور لە کۆمەڵگا. ئەوەی کە باسکرا لەڕاستیدا جیاوازیی ئاشکرای نێوان یاساناسانی کلاسیکی و یاخییە. ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین "پارێزەریی لەگەڵ هەژاران" هەمان پارێزەرییە بۆ دادپەروەریی.

# پاژی سێیەم

## هاوشێوەسازیی لە پەروەردەی نۆڕینگە یاساییەکاندا

د.عەلی ئەکبەر سیاهپووش

زەهرا ئەژئەر[1]

### هاوشێوەسازیی چییە؟

بە گشتی هاوشێوەسازیی خولقاندنی فەزایەکە کە تێیدا فێرخواز خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فەزای ڕاستەقینەدا ئامادە دەکات، بە بێ ئەوەی تێچوویەکی زۆر یا قبووڵنەکراوی بۆ ئەم فێرکردنە دابێت. چوونکە هاوشێوەسازیی خاوەن ناوەڕۆکێکی فێرکارییە، هەربۆیە خاوەن ئامانج و شێوازە. لە بواری شێواز و ئامانج، دەتوانین بژاردەی جیاواز بۆ جۆرە جیاوازەکانی هاوشێوەسازیی، ڕێکاری جۆراوجۆر و ڕەهەندە جیاوازەکانی بدۆزینەوە. زۆرینەی ئەو هاوشێوەسازییانەی کە بیستوومانە پتر لە بواری بەدەر لە یاسا وەک فڕۆکەوانی بە کار دێن.

### پێشینەی هاوشێوەسازیی لە پەروەردەی یاسا:

یەکەمین هاوشێوەسازیی یاسایی وەک شێوازێکی فێرکاریی لەسەر شێوازی موت کورت بوونی هەبووە. پێشینەی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەم لە بریتانیا؛ ئەو شوێنەی کە دامەزراوەکانی فێرکاریی پارێزەریی کەڵکیان لە

---

1- ئەم بابەتە پوختەیەکی وەرگێڕدراوی وانەیەکە کە لە خولێکی ڕاهێنانی ئەنستیتۆی ڕۆئیا لە ساڵی ٢٠٢١ بە زمانی ئینگلیزیی پێشکەش کراوە و د.مەسعوود نووری کۆی کردووەتەوە و ڕێکیخستووە.

هاوشێوەسازیی فەزای دادگا وەردەگرت وەک شێوازێکی فێرکاریی. دواتر ئەم شێوازە لە پرۆسەی فێرکاریی کۆلیژەکانی یاسادا جێی خۆی کردەوە، تا ئەو شوێنەی کە لەگەڵ شێوازە فێرکارییەکانی پرس تەوەر ئاوێتە بوو.

**هەندێک لە فاکتەر و بنەماکانی هاوشێوەسازیی بریتین لە:**

أ- هاوشێوەسازیی چالاکییەکی فێرکارییە، هەربۆیە ملکەچە بۆ فەلسەفە و شێوازەکان و دەروونناسی فێرکاریی.
ب- هاوشێوەسازیی ئەو دەرفەتەی هەیە، کە بتوانرێت بە فۆرمی جیاواز لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فێرکاریی، لەوانەش بابەتە پسپۆڕییەکانی پەیوەست بە بەشی یاسا کەڵکی لێوەربگیرێت.
ت- هاوشێوەسازیی پرس تەوەرە؛ واتە لە کاتی فێرکاریی دەبێ فۆکۆس بخرێتەسەر پرسێکی دیاریکراو. بۆ ئەوەی کاریگەریی زیاتر بێت دەبێ پتر بە پرسیارە سنوورییەکانەوە خەریک بین؛ واتە ئەو پرسیارانەی کە وەڵامێکی بنبڕ و روون و لە پێشدا دیاریکراویان نیە.
ث- هاوشێوەسازیی خاوەن شێوازی جێبەجێکردن و نمایشی خۆیەتی.
ج- ئەم میتۆدە، لەسەر شێوازی تێڕامانە.
ح- چونکە هاوشێوەسازیی میتۆدێکی فێرکارییە، هەربۆیە هەڵسەنگاندن لە خۆ دەگرێت؛ بەڵام شێوازی هەڵسەنگاندنەکەی دەبێ لەگەڵ پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی هاوشێوەسازییدا بگونجێ، واتە لەگەڵ ئامانج و میتۆدەکانی جێبەجێکردنیدا گونجاو بێت. لە هاوشێوەسازیی هەم مامۆستا و هەم قوتابی فێری بابەتی نوێ دەبن و هەڵسەنگاندن هەم مامۆستا و هەم قوتابی دەگرێتەوە، چونکە هاوشێوەسازییەکی باش نیشانەی لێهاتوویی و توانای مامۆستایە لەو بوارەدا.

لەسەر بنەمای پێکهاتە و ئامانجەکان و ئەو میتۆدانەی کە پێشتر باسکران، دەتوانین جۆرەکانی هاوشێوەسازیی بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

١- بابەت

٢- فۆرم

٣- شێوازی جێبەجێکردن

٤- ئامانجە لە پێش دیاریکراوەکان

**١) لەڕووی بابەتەوە:**

لەم بەشەدا، دەکرێت سوود لەو هاوشێوەسازییانە وەربگرین کە بە بابەت و پرسە کارگێڕیی و بەڕێوەبەرییەکانەوە خەریک دەبن. بۆ نموونە دەکرێ داوا لە قوتابیان بکرێت خۆیان بە راوێژکاری یاسایی پارێزگاری پارێزگایەکی گریمانەیی دابنێن، کە دەیانەوێت بە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی تاک و جووت بۆ ئوتۆمبێلەکان ئازادیی هاتووچۆیان سنووردار بکەن. لێرەدا دەکرێت ئەوە لە قوتابیان داوا بکرێت ئایا ئەم بابەتە نابێتە هۆی پێشێلکردنی دەستوور یا یاسا کارگێڕییەکانی تر.

بابەتی دووەم، دەتوانرێت بە شێوازی کۆمیتەکانی دۆزینەوەی راستییەکان بێت. لەم جۆرەدا دەبێت پێگە و دۆخە یاساییەکان بۆ قوتابیان روون بکرێتەوە. بۆ وێنە دەکرێت مامۆستا وەک نوێنەری ئەو هاوڵاتیانە بێت کە لە خۆپیشاندا بەشدارییان کردووە و پۆلیس هێرشی کردووەتەسەریان. نوێنەری ئەو هاوڵاتیانە ئێستا لە دادگا سکاڵایان لەسەر پۆلیس تۆمار کردووە. قوتابیان دەبێ وەک کۆمیتەی دۆزینەوەی راستییەکان لەڕێگای کۆمەڵێک پرسیاری دیاریکراوەوە

هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بدەن، هەتا بتوانن ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە دادگای گریمانەیی بکەن.

بابەتی سێیەم، دەتوانرێت لە پۆلێنی دادوەری یا نیمچەدادوەری بێت. ناسراوترین نموونەی ئەم مۆدیلە، دادگای ڕاهێنانە (Moot Court). هەموو فاکتەر پێکهێنەرەکانی دانیشتنی دادگا بە شێوەیەکی تەواو دەخرێتە بەردەستی قوتابیان.

خاڵی جیاکەرەوەی ئەم سێ بابەتە ئەوەیە، کە زانیاریی هاتوو و دەرچووی هەر یەک لەو سێ شێوازە جیاوازن. لە هەر یەکەیاندا بەرەوڕووی دەستەیەکی تایبەتی زانیارییەکان دەبینەوە؛ بۆ وێنە لە بابەتی دادوەری دەرچووەکان بڕیارە دادوەرییەکانن، لە کاتێکدا دەرچووی مۆدیلی کارگێڕیی- بەڕێوەبەری دەتوانێت لەسەر شێوازی ڕاپۆرت بێت.

**٢) لەڕووی فۆرمەوە:**

أ- هاوشێوەسازیی نووسراو: بۆ وێنە داوا لە قوتابیان بکرێت لە یەکێک لە ژوورەکانی زانکۆ، کە یەکێک لە قوتابیان بووەتە بەڕێوەبەری؛ گەڵاڵەنامەیەک تۆمار بکات.

ب- هاوشێوەسازیی زارەکی: تەنیا خستنەڕوویەکی زارەکی لە قوتابیان داوا دەکرێت.

ت- هاوشێوەسازیی تێکەڵاو: قوتابی دەبێ هەم گەڵاڵەنامە بنووسێت و هەم بە شێوەی زارەکی پێشکەشی بکات.

## ٣) لەڕووی شێوازی جێبەجێکردنەوە:

أ- **هاوشێوەسازیی نوقمبوون:** سەرەتا قوتابی لە ژینگەیەکی فێرکاریی نوقم دەکەین؛ واتە ژینگەیەکی تەواو راستەقینە. ئەو بابەتەی کە دەخرێتەڕوو لە پێشدا دیاریی ناکرێن و زۆر کورت و گشتین و هەموو رەهەندەکانی بە تەواویی دیارینەکراون و ئاخاوتنی دەستبەجێ بە فاکتەرێکی گرنگی ئەم شێوازە دادەنرێت.

ب- **هاوشێوەسازیی کۆنترۆڵکراو:** لەم حاڵەتەدا، دۆسیەکمان هەیە کە فاکتەرەکانی لەچاو حاڵەتی پێشوودا روونترن؛ رۆڵەکان دیاریکراون؛ تەنانەت بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی باسەکە دەتوانین هەندێ لە خاڵەکانی دۆسیەکەش دەست نیشان بکەین و بیخەینە بەردەستی قوتابیان و داوایان لێبکەین تەنیا لەو چوارچێوە دیاریکراوەدا باسەکە ببەنە پێشەوە.

ت- **هاوشێوەسازیی تۆنگی ماسی:** کەسەکان بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەبن. گرووپێک هاوشێوەسازیی (سیناریۆ) جێبەجێ دەکەن و گرووپی دووەم تەنیا سەیر دەکەن و پاش جێبەجێکردنی سیناریۆکە، گفتوگۆیەک لەنێوان هەر دوو گرووپەکەدا دروست دەبێت و بینەرەکان ئەو خاڵانەی کە بە لایانەوە گرنگە لەگەڵ جێبەجێکاراندا دەیخەنە بەرباس.

ث- **راوێژکاریی سێ کەسە:** لەم شێوازە تاکەکان دەبنە سێ گرووپ. یەکێکان دەبێتە سەردانیکەر و دوو کەسیش دەبنە راوێژکاری یاسایی. لەم شێوازەدا، بابەتی سەرەکی ئەو پرسیارانەیە کە راوێژکار دەیخاتەڕوو و ئەوەی کە چۆن بە خستنەڕووی پرسیاری هۆشمەندانە و ئامانجدار

خۆی بەرەو ئاراستەیەک ببات، کە باشتر بتوانێ خزمەتی سەردانیکەر بکات.

ج- **خوێندنەوەی کێشە گریمانەییەکان:** مامۆستا دۆسیەیەکی راستەقینە یا گریمانەیی دەداتە قوتابیان و داوایان لێدەکات کە بیخوێننەوە؛ پرسە یاساییەکان بدۆزنەوە و تەنانەت دەتوانێ داوایان لێ بکات، کە پەیوەندیی لۆژیکی ئارگیۆمینتە یاساییەکانی خۆیان لەگەڵ سەردێڕە یاساییەکان بدۆزنەوە و بیخەنەڕوو.

## ٤) لەڕووی ئامانجە دیاریکراوەکانەوە:

أ- **ئامانجە فێرکارییەکان:** هەندێک جار ئامانج لە گواستنەوەی زانیارییەکان پێدانی ئاگایی و زانستە، کە دەتوانێ لەگەڵ فێرکردنی شارەزایی بێت و هەندێک جاریش تەنیا لەسەر گواستنەوەی زانست و ئاگایی چڕ دەبێتەوە.

ب- **ئامانجی توێژینەوە:** هەندێک جار جگە لە فێرکردن هەوڵدەدەین قوتابیان و فێرخوازان هان بدەین بۆ توێژینەوە.

ت- **ئامانجی پەرەپێدان:** پتر جەخت لەسەر فێرکردنی تواناکانی بەڕێوەبردنی پارێزەرایەتی دەکرێتەوە؛ واتە پەرەپێدانی دادپەروەریی لەپاڵ ئامانجی فێرکاریی و توێژینەوە.

بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی فێرخواز و بەگوێرەی ئەو ئیمکانیاتانەی بەردەستن و بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی کە لە پرۆسەی فێرکاریی هەیە و گونجاوە لەگەڵ پێشینەی زەینیی فێرخواز و پێکهاتەکانی تر دەتوانین کەڵک لە یەکێک لەم شیوازانە یا تێکەڵەیەک لەم شێوازانە وەربگرین.

**لایەنە ئەرێنییەکانی هاوشێوەسازیی بریتین لە:**

- بەهێزکردنی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و فێربوونی سەربەخۆ.
- دروستکردنی رۆڵی کاریگەر لە فێربوون.
- گرتنەبەری تێڕوانینی پرس تەوەرانە لە فێربوون.
- فرەیی بابەتەکان و سوودمەندان.
- جارزنەبوون و سەرنجراکێش بوون.
- بەرزکردنەوەی پاڵنەر و دروستکردنی حەز لەناو قوتابیان.
- بەرزکردنەوەی توانا نەرمەکان.

**ئاڵنگارییەکانی هاوشێوەسازیی:**

١- دروستکردنی ژینگەی راستەقینەی هاوشێوەسازیی تێچووی هەیە.

٢- لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی هەستی رکابەرایەتی نەرێنی.

٣- لە هاوشێوەسازیی، هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی قوتابیان و دیاریکردنی ئاستی فێربوونیان دژوارە.

**تێفکرینەوە و هەڵسەنگاندن**

پێویستە بگوترێ لە هەنگاوەکانی کۆتایی فێرکردن لەڕێگەی هاوشێوەسازییدا دوو خاڵ گرنگن: یەکەم ئەوەیە، کە قوتابیان بە وردیی بە تێڕامان و سەرلەنوێ تێفکرینەوە لەو راهێنانە بڕوانن کە ئەنجامیان داوە، هەتا بزانن چ فێربوونە یا بڕیار بووە چی فێر ببن. خاڵی دووەمیش ئەوەیە، کە مامۆستا بە خستنەڕووی هەندێ پرسیار هەڵسەنگاندن بۆ بابەتە فێربووەکانی قوتابیان بکات و سەرنجی

ئەوە بدات، کە ئایا پۆلەکە لە گەیشتن بە ئامانجی ڕاهێنانەکە و هاوشێوەسازییەکە سەرکەوتوو بووە یا نا؟

هەروەک باسمان کرد، هاوشێوەسازیی وەک شێوازێکی فێرکاریی، بنەما، ئامانج و شێوازی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی ناسراوی خۆی هەیە، کە بەرەبەرە ناسێندراون و ڕێکخراون. سەرەڕای ئەمەش، هەر مامۆستا و ڕاهێنەرێک دەبێ بە ناسینی وردی گوێگران، پێویستییەکانی بابەتەکە، کات و شوێنی فێرکردن، هەروا ژمارە و ئەزموونی فێرخوازان و نیشانەکانی تر بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و داهێنانی خۆی ڕاهێنان و هاوشێوەسازیی دابڕێژێت و جێبەجێی بکات.

# پاژی چوارەم

# فێربوونی قوتابی تەوەر

## لنی مۆلیانی/ باندۆنگ- ئەندۆنسیا[1]

هەمووومان لەگەڵ شێوازەکانی "مامۆستا- تەوەر" لە وانەوتنەوە و فێربووندا ئاشناین، بەڵام بابەتی ئەم وتارە شتێکی جیاوازترە لەو شێوازە کلاسیکییە، هەربۆیە ئەمڕۆ بە تەماین باس لە شێوازی "فێربوونی قوتابی- تەوەر" بکەین.

گەلێک لە ئێوە مامۆستای زانکۆن، بەڵام ئێستا داواتان لێدەکەین بۆ چەند خولەکێک خۆتان لە جێی قوتابییەک دابنێن. کاتێک بیر لە قۆناغی قوتابێتیی خۆتان دەکەنەوە، هەندێک مامۆستاتان بە بیر دێتەوە، کە ڕێز و خۆشەویستییەکی فراوانتان بۆیان هەبووە، هەروا هەندێ مامۆستای دیکەشتان بە بیر دێتەوە کە هیچ حەز و خۆشەویستیتان بۆیان نەبووە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، چ فاکتەرگەلێک بوونە هۆی ئەوەی کە هەندێ مامۆستاتان زیاتر خۆش بوێت، بەڵام ئەو هەستەت بۆ مامۆستاکانیتر نەبێت؟

کۆی وەڵامی بەشداربووان ئەوەیە: ئەو مامۆستایانەی کە هەوڵیانداوە لەگەڵ قوتابیان زیاتر هەڵسوکەوت بکەن و لە بابەتی وانەکان و بەدەر لە وانەکانیش ڕا و بۆچوونی قوتابیان وەربگرن زیاتر خۆشەویستن.

1- ئەم بابەتە پوختەیەکی وەرگێڕدراوی وانەیەکە کە لە خولێکی راهێنانی ئەنستیتۆی ڕۆئیا لە ساڵی ٢٠٢١ بە زمانی ئینگلیزیی پێشکەش کراوە و د.مەسعوود نووری کۆی کردووەتەوە و ڕێکیخستووە.

مامۆستابوون کارێکی سانا نیە. مامۆستا دەبێت خاوەنی گەلێک لێهاتوویی بێت. لەڕاستیدا دەبێ لە بابەتی جۆراوجۆری وەک بابەتی زانستی پێویست و بەڕۆژکراو، بەڕێوەبردنی پۆل، ڕێنوێنی کردن و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی ناو پۆل، دروستکردنی پاڵنەر بۆ قوتابیان و هتد، هەڵبژاردە بێت.

بە سەیرکردنێکی هیرەمی فێربوون دەبینین، ئەگەر لەناو پۆلدا بەس قسە بکەیت، تەنیا ٥٪ باسەکان تێدەگەیەنرێت و پاشماوەی بابەتەکە پشتگوێ دەخرێت. ئەگەر داوا لە قوتابیان بکەین تەنیا رووخوێنی بکەن، ئەوا دیسان ماندوو و بێزار دەبن. تەنانەت دەتوانین بڵێین لە شێوازەکانی وانەوتنەوەی گوێگرتن – بینین ئاستی وەرگرتنی داتا و زانیارییەکان لەلایەن قوتابیان تەنیا ٢٠٪.٥، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت قوتابیان پێویستیان بە بابەتەی هەستپێکراو و راستەقینە هەیە؛ واتە پێویستیان بە فەزایەکە کە لە دۆخی راستەقینەدا هەڵسوکەوت و گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. هەروا لە هیرەمی فێربوون بۆمان دەرکەوت کە کارامەترین شێوازی فێربوونی بابەتێک ئەوەیە کە کەسانیتر فێر بکەیت. لەڕاستیدا، باشترین کاتی فێربوون ئەو کاتەیە کە بابەتەکە بە کەسانیتر فێر دەکەیت. لەم دۆخەدا، نزیکەی ٩٠٪ بابەتەکان بە شێوازی راستەقینە فێر دەبێت.

کاتێک کە ئێمە باس لە فێرکردنی یاسا دەکەین، مەبەست لە یاسا تەنیا ئەوە نیە کە لە دادگادا کەڵکی لێوەردەگیرێتت یا بەدیدێت؛ بەڵکوو ئەو یاسایە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگادا بەدیدێت. کەواتە، قوتابیان دەتوانن لە کۆمەڵگای خۆشیان شت فێر ببن. یەکێک لەو شێوازانەی کە دەتوانێت یارمەتی فێربوون لە کۆمەڵگادا بدات، "فێرکردنی یاسایە بە هەمووان" یا (Street Law).

لە فێرکردنی "یاسا بە هەمووان" کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی "کارلێککارانە" گرنگییەکی زۆریان هەیە. گەلێک شێواز هەن، کە دەتوانیت لە کاتی فێرکردندا بەکاریان بهێنێیت، هەڵبەت بەو مەرجەی کە کارلێککارانە بێت. بابەت و گرووپەکانی ئامانجیش دەتوانێت فرەجۆر و ڕەنگاوڕەنگ بێت؛ وەک فێرکردنی یاسا بەو ئافرەتانەی کە پێشتر کرێکاری سێکسی بوونە. هەروا ڕاهێنانی کەمئەندامان، کرێکارانی کۆچەر، ئافرەتانی ماڵ، قوتابیانی دواناوەندی، منداڵان و نەوجەوانان و هتد.

لە میانەی فێرکردنی یاسا بە هەمووان و ڕاهێنانی نۆڕینگە یاساییەکان، قوتابیان ئەکتەری سەرەکین. بەو هۆیەی کە قوتابیان، لاو و پڕ وزەن دەبێ بتوانن لە وزە و داهێنانی خۆیان بە شێوازێکی دروست کەڵک وەربگرن. لاوان دەتوانن داتای فراوان و جۆراوجۆر کۆ بکەنەوە. ئێوە دەتوانن ئەم داتایانە بە شێوازێکی دروست ڕێکبخەن، بە جۆرێک کە بۆ بەرزکردنەوەی زانست و تێڕوانینی خودی لاوان و یارمەتیدانیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگا کەڵکیان لێوەربگرن.

هەروا قوتابیان پێویستیان بە ئەزموونی کرداریی هەیە و ئەم ئەزموونەش بە فێرکردنی ئەوانیتر بۆیان دێتەدی. کەواتە قوتابیان هەموو ئەو زانست و زانیارییانەی کە لە زانکۆ و لە ئێوە (وەک مامۆستا) وەریدەگرن بۆ ئەوانیتری دەگوازنەوە. ئەگەر بێت و ئەم کارە ئەنجام نەدەن، تووشی سستی دەبن و ئەو شتەی ئێوە فێرتان کردوون لە بیری دەکەن. گرنگترین خاڵ لەم شێوازە ئەوەیە، کە ئەوان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا و بە تایبەت لەگەڵ کەسانی پەراوێزخراو هەستی بە یەکدڵی دەکەن. کاتێک کە قوتابیان لەگەڵ چالاکی فێرکردن بە

هەمووان ئاشنا دەبن و بەشداریی تێدا دەکەن، کەمتر گلەیی دەکەن، چوونکە هەلومەرجی ڕاستینە و بریکاردارە ڕاستەقینەکانیان لە نزیکەوە دەبینین.

لێرەدا، ئامانجەکانی فێرکردنی کارلێککارانەی قوتابی تەوەر، کە بە کورتی فێرکردنی نۆڕینگەی یاسایی پێ دەڵێن لە شەش خاڵدا کورت دەکەینەوە کە بریتین لە:

**ئامانجی یەکەم:**

قوتابیان بابەتی سەرەکین و مەبەستمانە لە ڕێگاکانی داهێنەرانە، سەردەمیانە و کاریگەرانە فێریان بکەین. لێرەدا، ئەوەی کە لە چەقی سەرنجی نۆڕینگەکانە ئەوەیە، کە قوتابیان بە چ شێوازێک دەتوانن فێر ببن و چۆن دەتوانن فێربووەکانیان لە ڕێگای ئەزموونەوە بەکاربهێنن.

**ئامانجی دووەم:**

بابەتی سەرەکی لە ئامانج هاوڵاتیانن و ئەوەی کە چۆن دەتوانین کۆمەڵگا بەهێز بکەین. گەلێک گرووپ هەن، کە لە مافەکانی خۆیان بێئاگان و هەروا نازانن چۆن لەگەڵ یاساناسان پەیوەندیی دروست بکەن؛ چوونکە لەم بوارەدا هیچ زانیارییەکیان نیە. بۆ وێنە لە وڵاتی من واتە ئەندۆنیسیا گەلێک گرووپی هەژار و پەراوێزخراو هەن، کە لە بواری یاساکاندا گرفتیان هەیە و تەنانەت ئاگاداری مافەکانی خۆشیان نین و نازانن چۆن لە ڕێگای دادگا یا دەسەڵاتە دادوەرییەکانەوە بەدواداچوون بۆ مافەکانیان بکەن. قوتابیان بژاردەیەکی باشن بۆ گواستنەوەی ئەم زانیارییانە بۆ ئەو گرووپانە.

**ئامانجی سێیەم:**

گرووپێکی تر لە وەرگرەکانی ئێمە توێژە یاساییەکانن. ئەگەر تۆ پارێزەری یا لە نووسینگە و دامەزراوەیەکی یاسایی چالاکی دەکەیت، بۆ ئێوەش گرنگە کە خۆتان بەهێز بکەن و فێر ببن. هەندێک جار لە قوتابیانم دەپرسم بۆچی دەتانەوێت ببنە پارێزەر؟ زۆرینەی وەڵامەکان ئەوەیە، کە پارێزەرایەتی داهاتێکی زۆری هەیە. ئەمەش رەنگە بەو هۆیەوە بێت کە پارێزەران و نووسینگە یاساییەکان پتر جەخت لەسەر بەدەستهێنانی داهات دەکەنەوە. هەڵبەت گەلێک پارێزەر و کۆمپانیای یاساییش هەن کە بە شێوازێکی خۆبەخش چالاکی خێرخوازیی دەکەن، بەڵام ژمارەیان لەچاو گرووپی یەکەم کەمە.

**ئامانجی چوارەم:**

مامۆستایانی زانکۆ و ئاکادیمییەکان بابەتی ئەم ئامانجەن. وەک مامۆستایەکی یاسا پێویستە وا هەست بکەیت کە بەشێکی لە کۆمەڵگای خۆت. ئێوە پێویستتان بەوە هەیە کە ببنە بەشێکە لە کۆمەڵگای خۆتان؛ ناتوانن هەموو کاتی خۆتان هەر لە زانکۆ بن، دەبێ بچنە ناو کۆمەڵگا و کۆمەڵگا ببینن؛ بەپێچەوانەوە دەبنە مامۆستایەکی بێزارکەری خاوەن زانیاری کۆن!

**ئامانجی پێنجەم:**

بەهێزکردنی سیستەمی گشتی فێرکردنە بە گونجاندنی فێرکردنی نۆڕینگە یاساییەکان لەناو ئەم سیستەمەدا؛ چوونکە قوتابیان پێویستیان بە چالاکی لە دەرەوەی ژینگەی زانکۆییەوە هەیە و پێویستە لەناو کۆمەڵگادا چالاک بن. دەبێ لە هەموو ئەو شێوازە کلاسیکیانە دوور بکەوینەوە کە بڵێین من مامۆستام و تۆ قوتابیت و من چی دەڵێم دەبێ تۆ گوێڕایەڵ بیت. ئەگەر ئەم کارانە نەکەیت قوتابییەکانت هیچ کاتێک گەشە ناکەن و ناگەنە سەربەخۆیی کەسیی.

## ئامانجی شەشەم:

دەتوانین باس لە کۆمەڵگایەکی گەورەتری یاسا بکەین و لەڕاستیدا سیستەمی یاسایی وڵات بەهێز بکەین.

لە رەوتی فێرکردنی یاسا بە هەمووان، قوتابیان دەبێ شوێنپێی سێ ئامانج هەڵبگرن: ١. زانست؛ ٢.کارامەییەکان؛ ٣.بەهاکان.

مەبەستی ئێمە لە زانست ئەوەیە، کە لانیکەمی چەمکە یاساییەکان بە دروستی و بە وردیی بزانن؛ بۆ وێنە قوتابیان چەمکی توندوتیژیی خێزانی بزانن. ئەمە قۆناغی زانستە. قۆناغی دووەم کارامەییەکانە، کە دەبێ توانای پۆلێنکاریی کردن یا دەربڕینی چیرۆکەکانیان هەبێت؛ بۆ وێنە بتوانن توندوتیژیی بەسەر چەندین جۆری جیاوازدا پۆلێن بکەن یا بتوانن بۆ برادەرەکانیان بیگێڕنەوە. لە کۆتاییدا، بەهاکان و هەستی یەکدڵی زۆر گرنگە؛ چوونکە دەبێ بە دڵ و هەستەکانتان قوتابیان فێر بکەن. دەبێ لەوە دڵنیا بن کە قوتابییەکانتان هەستی هاودەردییان بۆ کەسانیتر هەیە.

ئێستا دەتوانن خشتەیەکی کاتبەندیی دروست بکەن. بابەت و کۆمەڵگای ئامانجی خۆتان هەڵبژێرن و پاشان پرۆگرامی وانەکان دابنێن. بۆ فێرکردن دەبێ کات و شوێنی وردتان هەبێت. بۆ پاڵپشتیکردنی قوتابیان دەبێ ئامرازەکانی فێرکردنیان بۆ دەستەبەر بکەن؛ بۆ وێنە پاوەرپۆینت ئامرازێکی گونجاوە. لە هەندێ کۆمەڵگادا، رەنگە ئامرازی وەک ڤیدیۆ پرۆژێکتۆر نەبێت؛ دەبێ لە هەندێ ئامرازی دیکەی وەک پرینتی پاوەر پۆینت کەڵک وەربگرن؛ پاشان دەتوانن دەست بە فێرکردن بکەن.

لە کۆتاییدا، حەز دەکەم باس لە ئەزموونی هاوکارییە نۆڕینگەییە سەرووسنوورییەکان بکەم. ئێوە دەتوانن لە بابەتە هاوبەشەکاندا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هاوکاریی نۆڕینگەیی ئەنجام بدەن. ئێمە ئەزموونێکی هاوکاریی هاوبەشی نۆڕینگەییمان هەبوو لەنێوان ئەندۆنیسیا و مالیزیا لەسەر بابەتی کرێکارە کۆچەرەکان. ئەم نۆڕینگەیە دەربارەی کرێکارانی کۆچەری ئەندۆنیسییە؛ بەو پێیەی کە ئەندۆنیسیا گەورەترین هەناردەکەری کرێکارە و مالیزیاش یەکێکە لە شوێن مەبەستەکانی کرێکاران. ئەو بابەتەی کە لێرەدا ڕاهێنانی لەسەر دەکەین ئەو ئەگەر و نەگەرانەیە کە سەبارەت بە کرێکاران هەیە؛ چوونکە ئەم دوو وڵاتە سیستەمی یاسایی تەواو جیاوازیان هەیە؛ مالیزیا خاوەن سیستەمی کامن لۆیە و ئەندۆنیسیاش خاوەن سیستەمی یاسایی نووسراوی (ڕۆمانی-جیرمانی)یە. لەم نۆڕینگەیەدا، کرێکاران لەسەر گرێبەستەکان و مافەکانیان لە مالیزیا ڕاهێنانیان پێدەکرێ. قوتابیانیش جۆرێک لە هاوکاریی نێودەوڵەتی تاقی دەکەنەوە؛ بابەتێک کە دەتوانێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و تێڕوانینیان زۆر کاریگەر بێت.

# پاژی پێنجەم

# فێربوونی بەشدارانە

## پرۆفیسۆر لیزا بلیس و د.مەسعوود نووری[1]

لەم بەشەدا، باس لە فێربوونی بەشدارانە (Collaborative Learning) یا تێڕامانی بەشدارانە (Collaborative Reflection) دەکەین، کە یەکێکە لە شێوازەکانی فێربوونی کارلێککارانە.

لە شێوازە کلاسیکییەکان، فێربوون بە پرۆسەیەکی تاکەکەسیی لە قەڵەم دەدرێت و هەر قوتابییەک هەوڵدەدات بە شێوازی تاکەکەسیی لەگەڵ چەمک، دیاردە یا دۆخێکی نوێ ئاشنا بێت. بەڵام لە شێوازی فێربوون یا تێڕامانی بەشدارانە دوو یا چەندین کەس هەوڵدەدەن تا چەمک، دیاردە یا دۆخێکی نوێ لەگەڵ یەکتردا، یەکدڵانە و لە پرۆسەیەکی گرووپیدا فێر ببن. بە وتەیەکی تر، بە پێچەوانەی فێربوونی تاکەکەسیی، لە فێربوونی بەشدارانە تاکەکان کەڵک لە زانست و کارامەیی یەکتر وەردەگرن تا نادیارێک بە دیار بخەن یا کارامەییەک بە دەست بهێنن. لەم شێوازی فێربوونەدا، قوتابیان بە هاوبەشی پێکردنی ئەزموونەکان، تێگەیشتنەکان و بیرۆکەکانی خۆیان لە پرۆسەیەکی کارلێککارانە، هاوکات هەم لە یەکترەوە فێر دەبن و هەم یەکتر فێر دەکەن.

پەرەپێدانی شێوازەکانی فێربوونی کارلێککارانە، لەوانەش فێربوون/تێڕامانی بەشدارانە، جگە لە کارامەترکردنی پرۆسەی فێربوون و بەدامەزراوەییکردنی

---

1- ئەم بابەتە پوختەیەکی وەرگێڕدراوی وانەیەکە کە لە خولێکی ڕاهێنانی ئەنستیتوی ڕۆئیا لە ساڵی ٢٠٢١ بە زمانی ئینگلیزیی پێشکەش کراوە و د.مەسعوود نووری کۆی کردووەتەوە و ڕێکیخستووە.

فێربووەکان لەناو زەین و هۆشی قوتابیاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان ببنە کەسانی بیرکەرەوە، بە توانا لە هەڵسەنگاندنی بیرۆبۆچوونی ئەوانیتر، خاوەن کارامەیی کاری گرووپی و بڕیاردانی بە کۆمەڵ و جگە لەوەش لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەروەردە دەکرێن. ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبنە هۆی بە تواناتربوونی ئەوان لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیدا.

بابەتی ئەم باسەی من بریتییە لە شێوازەکانی نۆڕینگەیی فێرکردن، ئەو شێوازانەی کە قازانج و سوودەکانی تەنیا تایبەت نیە بە بەشی یاسا، بەڵام چوونکە ئێمە مامۆستا و چالاکوانی یاساییین، هەربۆیە پتر ئەم بابەتە لە شێوازەکانی فێرکردنی یاسا بە قوتابیانی یاسا و هەروا لە بەرنامەکانی فێرکردنی یاسا بە هەمووان دەخەینە بەرباس و شیکردنەوە. لە بەشی یەکەم سەرنج دەخەمە سەر "تێڕامانی بەشدارانە" و لە بەشی دووەم "شێوازەکانی کارلێککارانەی فێرکردن" دەبێتە چەقی باسەکەمان.

قسەکانم بە وتەیەکی بیرمەندانەی جان دیویی (John Dewey) (١٨٥٩-١٩٥٢) دەست پێدەکەم. ناوبراو لە فەیلەسۆفە بەناوبانگەکانی ئەمەریکایە لە سەدەی بیستەم، کە بۆچوونەکانی دەربارەی پەروەردە، کۆمەڵگا و سیاسەت گەلێک مشتومڕی لێکەوتەوە. ڕوانگەی سەرەکی ئەو لە فەلسەفەی فێرکردن ئەوەیە کە فێرکردن و فێربوون پرۆسەگەلێکی کۆمەڵایەتین و لە ئەنجامدا قوتابخانە و زانکۆکان، ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەن کە دەبێ قوتابیان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئامادە بکەن. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە قوتابیان لە ژینگەیەکی فێرکارییدا، کە زەمینەی ئەزموونگەریی و ڕۆڵ گێڕانیان لە داڕشتنی بەرنامەی وانەکاندا هەبێت، گەشە دەکەن. لە ژینگەیەکی فێربووندا کە هەموو فێرخوازان دەبێ دەرفەتی بەشداریی و هاوکاریی چالاکیان لە پرۆسەی فێرکارییدا هەبێت.

دیموکراسی و چاکسازیی کۆمەڵایەتی دوو بابەتی سەرەکی دووبارەبووەوەن لە نووسینەکانی جان دیویی سەبارەت بە فێرکردن. ئەو ئەرگیۆمێنتێکی بەهێز لەم بارەیەوە دەخاتەڕوو کە ئەرکی ژینگەی کۆمەڵایەتی تەنیا رەخساندنی زەمینەی بەدەستهێنانی زانست نیە لە بوارێکی تایبەتدا، بەڵکوو دەبێ هەلومەرجەکە بۆ فێربوونی ژیان برەخسێنێت. بەپێی ئەم تێڕوانینە، ئامانجی فێرکردن نابێ تەنیا بۆ فێربوونی هەندێ کارامەیی لە پێش دیاریکراو بێت، بەڵکوو دەبێ رێخۆشکەر بێت بۆ گەشەپێدانی تەواوی بەهرەی فێرخوازان و بەهێزکردنیان بۆ کەڵکوەرگرتن لە توانا، زانست و کارامەییەکانیان بۆ دابینکردنی قازانجی گشتی. جان دیویی دەڵێت: "ئێمە لە ئەزموونەکانی خۆمانەوە وانە وەرناگرین، بەڵکوو بە تێڕامان لە ئەزمووونەکانمانە کە فێر دەبین".

شێوازێکی تر، مۆدیلی دەیڤید ئەی کۆڵبە (David A. Kolb)، ناوبراو مامۆستای "رەفتاری رێکخراو"ی کۆلێژی کارگێڕیی وزرهێدە (Weather head School of Management) لە زانکۆی کەیس وێسترن رێزرڤ (Case Western Reserve University) کە دەکەوێتە هەرێمی ئۆهایۆ و، لە تیۆردارێژەرانی بواری شێوازەکانی فێرکردنە لە ئەمەریکا. کوڵب بە هۆی توێژینەوە بەربڵاوەکانی لە بارەی شێوازەکانی فێربوونی ئەزموون تەوەر لەناو کۆڕوکۆمەڵە پەروەردەییەکاندا بەناوبانگە. ئەو جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان "ئەزموونی چالاک" و "تێڕامان لە بینراوەکان"، هەروەها کارلێکی "چەمکسازیی ئەبستراکت" و "ئەزموونە هەست پێکراوەکان" دەکاتەوە. ئەو لەسەر ئەم بنەمایە فێرخوازان دەکاتە چوار گروپ و شێوازی فێربوونی هەریەکەیان دیاری دەکات: 1- یەکبوو (ئەزموونی چالاک - چەمکسازیی ئەبستراکت)؛ 2- گونجاو (ئەزموونی چالاک - ئەزموونی هەست پێکراو)؛ 3-

ڕاکێشەر (تێڕامان لە بینراوەکان - چەمکسازیی ئەبستراکت)؛ 4- لێک بڵاو (تێڕامان لە بینراوەکان - ئەزموونی هەست پێکراو).

بە ڕای دەیڤید کولْب، ئەم مۆدیلە فێرکارییە ئەزموون تەوەرە بە شێوەی بازنەیی کار دەکات. بەم جۆرە کە بە ئەزموونکردن دەست پێدەکات، ئینجا دەبێتە هەلێک بۆ بیرکردنەوە دەربارەی ئەو بابەتە؛ پاشان تێڕوانینێکی گشتی دروست دەبێت و لە دواقۆناغدا کەڵکوەرگرتن لە بابەتە فێربووەکان دێتەئاراوە.

ئەم تێڕامانە، بە ڕاستی دەبێتە پاڵپشت بۆ گەشەکردنی کەسایەتی قوتابیان و دەبێتە هۆی ئەوەی بە دیدگایەکی کراوەتر لە بابەت و پرسەکان بڕوانن. ئەم گەشەکردنەی قوتابیان هەم دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسایەتی قوتابیان و هەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی لە بواری پیشەییدا گەشەکردنێکی بەرچاو بە خۆیانەوە ببینن.

شێوازەکانی تێڕامان، چوارچێوەیەکی دیاریکراومان دەربارەی فێرکردنی ئەزموون تەوەر پێ دەبەخشن. لەڕاستیدا، دەتوانین شێواز و مۆدیلی جۆراوجۆر بۆ فێرکردن لەڕێگای ئەزموونەوە بە کار بهێنین و بۆ گەیشتن بە وەڵامەکان و ئامانجەکانمان کەڵکیان لێوەربگرین.

مۆدیلی یەکەم، بازنەی تێڕامانی گیبزە (Gibbs' Reflective cycle). د.گیبز، بەڕێوەبەری توێژینەوەیە لە گرووپی زانستە ڕەفتاریی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی هادرسفیلْد (University of Huddersfield) لە بریتانیا. ناوبراو بۆ بنیاتبەندیی فێربوون لەڕێگای ئەزموونەوە (فێرکردنی ئەزموون تەوەر) لە ساڵی ١٩٨٨ بازنەی تێڕامان/ڕەنگدانەوەی خستەڕوو. ئەم بەرنامەیە، چوارچێوەیەکە بۆ پێداچوونەوە بە ئەزموونەکان و بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی

بازنەییبوونی، بە ڕوونی بەها و شێوازی ئەزموونە بەردەوامەکان پیشان دەدات و، ئەو دەرفەتە بە تاک دەدات بۆ فێربوونی باشتر سوود لە ئەزموونە سەرکەوتوو یا ناسەرکەوتووەکان وەربگرێت. ئەم پرۆسەیە شەش قۆناغ لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە:

١- دەربڕینی ئەزموون (Description): چ ڕوویداوە؟ لەم قۆناغەدا دادوەریی مەکەن یا هەوڵ مەدەن کە ئەنجامگیریی بکەن؛ تەنیا وەسفی بکەن.

٢- دەربڕین و پێداچوونەوەی هەست و بیرۆکەکان سەبارەت بە ئەزموون (Feelings): لەم قۆناغەشدا لە دەربڕین و پێڕست کردن بەردەوام بن و هەوڵی شیکردنەوە مەدەن.

٣- هەڵسەنگاندنی ئەزموون (Evaluation): پێداچوونەوە بەوەی کە چ شتێک لەم ئەزموونەدا باش یا خراپ بوو؟ بە دیدێکی بەهاگەریانە دادوەری بکەن.

٤- شیکردنەوە بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە (Analysis) : بۆ تاوتوێکردنی ئەوەی کە بزانیت چ تێگەیشتنێکت لە دۆخەکە هەیە، هەندێ ئایدیا لە دەرەوەی ئەزموون بهێنەوە هەتا یارمەتیت بدات.

٥- دەرەنجام (Conclusions): دەرەنجامی گشتی دەگرێتەوە: لەم ئەزموون و شیکارییانەی کە ئەنجام دراون دەتوانین چ ئەنجامێک وەربگرین؟ هەروا دەرەنجامی تایبەت کە بریتییە لە: ئێوە بە سەرنجدان لە دۆخی تایبەت، ناوازە، یا شێوازی کاری تایبەتی خۆتان لەم ئەزموونە دەگەیتە چ دەرەنجامێک؟

٦- پلانی کار (Action plan): بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە هاوشێوەکان لە داهاتوودا، یا گۆڕانکارییە گشتیەکان کە ڕەنگە بە گونجاوی بزانیت لە داهاتوودا، لەم جۆرە بارودۆخانەدا چ کارێکی جیاواز یا هاوشێوە ئەنجام دەدەیت؟



دەتوانن زانیاریی وردتر لەسەر هەر یەکێک لەم شەش هەنگاوە لەم ناونیشانەی خوارەوەدا بدۆزنەوە:

[https://www.ed.ac.uk/reflection/reflectors-toolkit/reflecting-on-experience/gibbs-reflective-cycle](https://www.ed.ac.uk/reflection/reflectors-toolkit/reflecting-on-experience/gibbs-reflective-cycle)

هەر وەک زانیمان بازنەی تێڕامانی گیبز جەخت لەسەر ئەم پرسانەی خوارەوە دەکاتەوە: وەسفکردنی ئەزموونێک و پاشان ئەو هەستەی کە لێوەی سەرچاوە دەگرێت و بۆ کەسەکە دروست بووە؛ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ئەو ئەزموونە و لە کۆتاییدا ئەنجامگیریی و لە دوا هەنگاویشدا بەکارهێنانی بەرنامەیەکی چالاک لەبەرچاو دەگرێت.

مۆدیلی دووەم، پرۆتوکۆلی "چ شتێک؟ پاشان چی؟ ئێستا چ شتێک؟"ە (what? So what? What now?) ئەم شێوازە یارمەتی قوتابی دەدات تا بیر لەو بابەتە بکاتەوە کە ڕوویداوە و پاشان لەو خاڵە رابمێنێت، کە دەیەوێت چ کارێک ئەنجام بدات و لەڕاستیدا چ ڕێگا و شێواز و ڕێگاچارەیەکی نوێی دۆزیوەتەوە.

ئێستا دەمەوێت بابەتێکی تر لەگەڵ ئێوە بخەمە بەرباس و مۆدیل و شێوازەکانی نوێی وانەوتنەوە لەگەڵ ئێوە شەیر بکەم هەتا تاوتوێیان بکەین.

یەکەم شێواز کە دەمەوێت باسی بکەم بریتییە لە تەکنیکی ڕووداوە قەیراناوییەکان(The Critical Incident Technique (CIT. بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین ئەم تەکنیکە بریتییە لە کۆمەڵە شێوازێک بۆ کۆکردنەوەی بینینە ڕاستەوخۆکان لە ڕەفتاری مرۆڤ لە دۆخە گرنگ و

قەیراناوییەکان. ئەم بینینانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەری پێناسەکراوی میتۆدیک کۆ دەکرێنەوە و تۆمار دەکرێن، پاشان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کردارییەکان و پەرەپێدانی بنەما دەروونناسییەکان کەڵکیان لێوەردەگیرێت. دەتوانین هەر ڕووداوێکی قەیراناویی بە پێشهاتێک بزانین –چ ئەرێنی بێت یا نەرێنی- کە یارمەتیدەرە بۆ چالاکی یا دیاردەیەک. دەتوانین ڕووداوە قەیراناوییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر کۆ بکەینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی داوا لە وەڵامدەرەکان دەکرێت گێڕانەوەی کەسیی خۆیان سەبارەت بە ئەزموونەکە باس بکەن کە هەیانبووە.

CIT شێوازێکی خۆگونجێنە کە بە گشتی لەسەر پێنج بنەما دامەزراوە: یەکەم. دیاریکردن و تاوتوێکردنی ڕووداوەکە و پاشان دۆزینەوەی ڕاستییەکان، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی وردەکاریی ڕووداوەکە لە بەشداربووان. کاتێک کە هەموو ڕاستییەکان کۆکرانەوە، قۆناغی دواتر ناسینی پرسەکانە. پاش ئەوە دەکرێ دەربارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی پرسەکان لەسەر بنەمای ڕێگەچارە جۆراۆجۆرە شیمانەییەکان بڕیار بدرێت. کۆتا و گرنگترین ڕەهەند هەڵسەنگاندنە، کە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئایا ڕێگاچارەی هەڵبژێردراو هۆکاری سەرەکی دۆخە قەیراناوییەکەی چارەسەر کردووە و ئیتر گرفتێک دروست نابێت؟

شێوازێکی تر کە دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین "هاندان بە کۆتایی کراوە"یە (Open-ended Stimulus). لەم شێوازەدا، داوا لە هەر قوتابی یا بەشداربوویەک لە ورکشۆپەکە دەکرێت کە بە شێوازی جیاجیا و تاکەکەسی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە خراونەتەڕوو. پرسیارەکە دەبێت بە وردیی و بە شێوازێک بخرێتەڕوو کە وەڵامەکەی بەڵێ/ نەخێر نەبێت، بەڵکوو بە

جۆرێک بێت کە وەڵامدەرەوە هان بدات بەشداریی بکات و بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.

بەگوێرەی کاتی دانراو بۆ ئەم ڕاهێنانە و هەروا ژمارەی بەشداربووان، دەتواندرێ داوا لە هەر کەسێک بکرێت وەڵامەکەی خۆی لە چوارچێوەی چەند وشە کلیلی سنووردار یا نیمچە ڕستە بخاتەڕوو و هیچ سنوورێک بۆ وەڵامەکەیان دانەنرێت.

ئەم تەکنیکە دەتوانێت دەسپێکێکی باش بێت بۆ دانیشتنەکە، بە تایبەت ئەگەر ورکشۆپێکی چەند ڕۆژە بێت. ئەو پرسیارەی کە لە سەرەتای دانیشتنەکە یا بەرنامەکە دەیخەیتەڕوو(Check in Question) بەپێی ئەو پێوەر و ئامانجانەی کە لەم کارەدا هەتە، دەتوانێ پرسیارێکی گشتی بێت، بۆ وێنە "چ هەستێکت هەیە لە بەشداریکردن لەم پۆلە/ ورکشۆپە؟" یا یا پرسیارێکی پەیوەست بە بابەتی دانیشتنەکە بێت، بۆ نموونە ئەگەر بابەتی پۆل یا ورکشۆپەکە "یەکسانی جێندەری" بێت. دەتوانی بپرسیت: " ئایا هیچ ئەزموونێکت هەیە کە ڕووبەڕووی جیاکاریی جێندریی بوویێتەوە؟". خاڵی گرنگ وسەرەکی ئەوەیە کە هیچ کەسێک، تەنانەت مامۆستا و بەڕێوەبەری دانیشتنەکەش نابێت سەبارەت بە وەڵام و دەربڕینی بەشداربووان ڕای خۆی دەربرڕێت.

شێوازێکی تر بۆ کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی "هاندان بە کۆتایی کراوە" ئەوەیە، کە ڕستەیەک بخەینەڕوو و داوا لە تاک تاکی گوێگران بکەین کە بە شێوەی تاکەکەسی تەواوی بکەن. ڕێگایەکی تر ئەوەیە، کە بە پیشاندانی وێنەیەکی راستەقینە یا کارتۆنێک داوا لە بەشداربووان بکەین کە ناونیشانێکی بۆ دیاریی

بکەن یا لە رستەیەکدا باسی لێوە بکەن. رێگایەکی تر دەتوانێ بەو جۆرە بێت کە چیرۆکێکی پەیوەندیدار بە بابەتی وانەکە یا ورکشۆپەکە باس بکرێت یا پارچە فیلمێک پیشان بدرێت و، پاشان ئەو پرسیارەیان لێ بکەین "لەم دۆخەدا بژاردەکانی کەسایەتی ئەو چیرۆکەکە یا فیلمەکە چیە؟ یا ئەگەر تۆ لە جێی ئەو بەڕێوەبەری شارەوانی بوویتایە چیت دەکرد؟".

لەم شێوازەدا، ئێوە سەرنجی قوتابییەکانتان بۆ ئەو بابەتە راکێشاوە کە مەبەستتان بووە و هانتانداون کە بیری لێ بکەنەوە و تێگەیشتنە زەینییەکانی خۆیان رێکبخەن و لەناو پۆلەکە یا ورکشۆپەکە بیخەنەڕوو. ئەم راهێنانە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی کارامەییە گرنگەکان لەناو قوتابیاندا. بۆ نموونە کارامەیی بیستن و بینینی ورد، توانای شیکردنەوە و ئانالیزی زەینی، کارامەییەکانی چارەسەرکردنی پرسەکان و بەهێزکردنی تەکنیکی دەربڕین و قسەکردن.

تەکنیکێکی دیکە بریتییە لە "گفتوگۆی گرووپی بازنەیی و بە نۆرە" (Round Robin Discussion Groups) کە لەڕاستیدا شێوازێکە بۆ دروستکردنی ئایدیا. ئامانجی ئەم گفتوگۆ خولەکییانە، دروستکردنی زەمینەیەکی لەبارە بۆ خستنەڕووی ئایدیا جۆراوجۆرەکان و بۆچوونی هەموو ئامادەبووان سەبارەت بەو بابەتەی کە تاوتوێ دەکرێت. دەکرێ بەشداریی یەک لە دوای یەکی ئامادەبووان بە شێوەی نووسین یا وتن یا تێکەڵاوێک لە هەر دووکیان رێکبخرێت.

ئەو دانیشتنەی کە بەم تەکنیکە بەڕێوە دەچێت لە سەرەتادا مامۆستا یا رێکخەری دانیشتنەکە پرسیار یا بابەتێکی سەرەکی دەخاتەڕوو. ئەو دەبێ بە هەر شێوازێک بێت و بەوپەڕی هوشیارییەوە، دڵنیا بێت لەوەی کە هەموو

ئامادەبووان لە پرسیارەکە یا بابەتەکە گەیشتوون. ئەم خاڵە بە تایبەت لە کۆمەڵگا فرەزمانەکان، کە لەوانەیە زمانی دایکیی هەموو ئامادەبووان لە دانیشتنەکەدا جیاواز بێت و لە بەرنامە نێودەوڵەتییەکان کە سوود لە وەرگێڕان وەردەگیرێت؛ گرنگییەکی زیاتری هەیە. چوونکە تەنانەت ئەگەر یەک کەس لە ئامادەبووانیش لە پرسیار یا بابەتە سەرەکییەکە نەگەیشتبێت، ئەوا ناتوانێ بەشداریی چالاک و واتادار و لەسەر بنەمای متمانە بەخۆبوونی لە گفتوگۆکاندا هەبێت و هەر بەم ڕێژەیە هەنگاوەکانی دواتر سەرکەوتوو نابێت.

ڕاسپاردەی سەرەکی ئەوەیە، کە بەشداربووان بە شێوەی بازنەیی و لە یەک ئاست دابنیشن و هیچ جیاوازێکی وەهمی نەبێت، کە کەسێک لە سەرووتری ئەوانیترەوە دابنێت. بۆ نموونە مامۆستا یا ڕێکخەری دانیشتنەکە هەمووان بە یەک شێواز (بۆ وێنە کاک یا خاتوو یا بە بێ هیچ کامیان) بانگ بکات. خاڵێکی تر، کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە کەمینە نەژادی، ئایینی، زمانی و ئافرەتانی ناو دانیشتنەکە بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە پیاوسالاریی بەهێزە، هەست بە ئاسایش بکەن.مامۆستا یا ڕێکخەری دانیشتنەکە، بە ئاگایی تەواو لە ڕەفتار و وتەکانی خۆی و تەنانەت زمانی جەستەی خۆی (body language) و هوشداریی ناڕاستەوخۆ و ئەگەر پێویستی کرد بە ڕاستەوخۆش، هوشداریی بە کەسانی سوڵتەخواز لەناو پۆلەکەدا بدات و ئەو ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دابینکردنی ئارامیی ناو دانیشتنەکە.

بە دەستەبەرکردنی ئەم لایەنە سەرەتاییانە، بەشداربووان بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەست دەکەن بە تاوتوێکردنی بابەتەکە. بۆ دابەشکردنی هەلی بەشداریی دادپەروەرانە، هەر کەسێک پێویستە پابەند بێت بەو کاتەی کە پێشتر دیاریکراوە. ئامادەبووانی بازنەکە –بەگوێرەی جووڵەی میلی کاتژمێر-

بۆچوونەکانیان دەخەنەڕوو. مامۆستا یا ڕێکخەری دانیشتنەکە، ئەو خاڵە سەرەکییانەی کە خراونەتەڕوو بە شێوازێکی گونجاو تۆماری دەکات. بۆ وێنە لە وتەکانی هەر کەسێک دوو یا سێ وشەی سەرەکی یا نیمچە رستەیەک لەسەر وایت بۆرد دەنووسێت. ئەو دەبێ لەوە دڵنیا بێت ئەوەی تۆماری دەکات ڕێکاوڕێک ئەو خاڵەیە کە کەسەکە وتویەتی نەک تێگەیشتنی خۆی بنووسێت و لە ئەگەری گومان ئەوا دەبێت لێی بپرسێت ئایا مەبەستت ئەو وشەیە کە من نووسیومە؟ لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، ئەو کۆکراوەی بۆچوونەکان دەخاتەڕوو. دەبێ هەوڵ بدرێ کە هیچ ناو و ناتۆرەیەک لە بیر و بۆچوونی کەس نەدرێت و زەمینەی لەبار برەخسێندرێ بۆ بەردەوامیی بۆچوونە کەسییەکان و گفتوگۆ گرووپییەکان.

پوختەی بابەتەکە ئەوەیە، کە لە تەکنیکی "گفتوگۆی گرووپی بازنەیی و بە نۆرە" قوتابییەکان بە جۆرێک پۆلێن بکرێن، کە دەربارەی بابەتێکی تایبەت لەگەڵ یەکتردا پرسیار و وەڵام و شیکاریی ئاڵوگۆڕ بکەن. لەم شێوازەدا، دەبێ راوبۆچوونی هەر یەک لە قوتابیان بخرێتەڕوو و ڕێگەیان پێ بدرێت کە لە بۆچوونەکانی یەکتر ئایدیا وەربگرن و ئەو شتەی کە دێتە ناو مێشکیان بە ئازادیی دەریببڕن. لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوە بگوترێ کە تەکنیکی "گفتوگۆی گرووپی بازنەیی و بە نۆرە" لە راستیدا جۆرێکە لە شێوازەکانی بەڕێوەبردنی وورووژاندنی زەین (Brainstorm).

چەند خاڵی سەرەکی سەبارەت بە شێوازی وورووژاندنی زەین:

**1 -** ڕەخنەگرتن و دادوەریی کردن و هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونانەی کە خراونەتەڕوو قەدەغەیە: ئامانج لە شێوازی وورووژاندنی زەین ئەوەیە کە

بیر و بۆچوونەکان شەپۆلئاسا و لافاوئاسا بخرێنەڕوو. هەرجۆرە ڕەخنە یا ناڕەزاییەک ئەم ڕەوتە خاو دەکاتەوە یا تەنانەت ئاستەنگی بۆ دروست دەکات. هەڵسەنگاندنەکان دەکەونە قۆناغی دواتر، نەک لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕاهێنانەکە.

**2 -** لە چالاکییەکانی تر وا دەگوترێ یا دەبیسترێ کە چۆنێتیی بۆچوونەکان گرنگە، نەک ژمارەیان، بەڵام لەم چالاکییەدا ڕێک ژمارەی بۆچوونەکان گرنگ و پەسندە. هەرچی ژمارەی ئەو بۆچوونانەی کە خراونەتەڕوو زیاتر بێت، ئەوا ئەگەری گەیشتن بە داهێنان و بیرۆکەی نوێ زیاترە.

**3 -** پێویست ناکات ئەو بۆچوونانەی کە دەخرێنەڕوو بۆچوونی ڕەسەن بن و تا ئێستا نەخرابنەڕوو. بە وتەیەکی تر ئاوێتەکردن، لێکدان و سەرلەنوێ خستنەڕووی ئەو بۆچوونانەی کە پێشتر لەم چالاکییەدا باسکراوە ڕێپێدراوە.

**4 -** سەرنج بخرێتەسەر ئەو بۆچوونانەش کە لە ڕواڵەتدا نامومکین، نالۆژیکی و تەنانەت دوورن لە دەست پێڕاگەیشتن. ڕەنگە هەر ئەم بۆچوونانەش، لە قۆناغەکانی دواتر بە هەندێک چاکسازیی و گۆڕانکاریی ببنە ڕێگاچارەیەکی داهێنەرانە و شیاوی جێبەجێکردن.

Justice, and a visiting researcher at New York University's Department of Middle Eastern and Islamic Studies. The translation and compilation of the book form part of the initiatives of the Global Alliance for Justice Education (GAJE) and have received funding from the organization.

The significance of translating and assembling this work lies in it being the first publication of its kind in Kurdish. Simultaneously, it sheds light on the overlooked subject of legal clinics in law colleges in the Kurdistan Region. This undertaking marks the inaugural step in GAJE's Kurdish efforts, and it is anticipated to catalyze more endeavors and outputs in the future.

Azad Waladbagi
Erbil
November 2023

but the idea of teaching through legal clinics was initially

proposed in 1901 by Russian educator Alexander Lyoblinky, envisioning law college clinics functioning akin to medical clinics. Legal clinics transitioned from offering services in the 1950s to becoming instrumental in legal education during the 1960s and 1970s, marked by legal activism and civil movements in the United States. This era saw flourishing legal experiences within universities and the expansion of legal clinic activities, with students in some U.S. judicial institutions participating in limited legal practices. Thus, the inception of legal clinics stands as a highly successful and appealing facet of legal education.

This book serves as a condensed version of "Introduction to Innovations in Law Teaching" by Dr. Massoud Nuri, a legal researcher, the founder executive director of the Roya Institute for Global

## Introduction:

This book aims to unveil fresh approaches and educational advancements in the teaching and learning of law. It questions the effectiveness of the traditional law teaching method, long embraced by law colleges. This method, employed for decades, has shaped numerous professionals in the legal realm, including teachers, judges, lawyers, consultants, and legal experts. Identifying its shortcomings prompts the exploration of innovative alternatives in this book. It delves into the necessity for a reevaluation of law professorship, student instruction, and the integration of critical thinking in teaching, along with the objectives of legal clinics.

Legal clinics in universities worldwide trace their origins to the early 20th century, evolving from the U.S. legal education system. The concept of establishing these clinics surfaced in the 1930s,

**Book Title: The Role of Legal Clinics in the Development of Legal Education**

**Written by: A group of university professors**

**Translated and prepared by: Azad Waladbagi**

**Interior Book Design: Ali Abdulrahaman**

**Book Cover Design: Parosh Farhad**

**Year of publication: 2023**

**Location: Erbil, Kurdistan Region-Iraq.**

**It has been officially designated with entrustment No.2059 in the year 2023 by the General Directorate of Public Libraries.**

**This book is part of the projects of the Global Alliance for Justice Education (GAJE) and is funded by them.**

# The role of legal clinics in the development of legal education

Prepared and translated by

Azad waladbagi

Erbil- 2023

# The role of legal clinics in the development of legal education

Prepared and translated by
Azad Waladbagi

Erbil - 2023